www.kurdistannet.org
3-2-2007 11:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سعودیە.. وڵاتی ئایدیۆلۆژی عەبەی برام ... مەریوان نەقشبەندی

لەسەفەری حەجی ئەمساڵدا سەرۆکایەتی شاندێکی راگەیاندنی کوردستانم دەکرد کە (10) کەس بوو هەریەك لەو برادەرانە سەر بەکەناڵێکی راگەیاندنی جیاواز بوو، پارتی و یەکێتی و ئیسلامی و بێلایەن لەناو ئەم شاندەدا بوو، لەچەند رۆژێکی کەمدا هەموو بووینە برادەر و جگە لەبەرژەوەندی کورد و کوردستان و خزمەتکردن بە دۆزی رەوای کورد شتێکی دیکەم لەلای هاوکارەکانم بەدی نەکرد، لەناو ئۆتومبیلەکەماندا کە لەشاری جەدە وە بەرەو شاری مەدینە دەرۆیشتین، ئەو رێگایە هەموو بیابان و شاخ و بەردی وشك بوو، جگە لە حوشتر و حوشترالوك هیچی دیکەمان بەدی نەکرد، هەندی لادوکانی سەر رێگاش کەخاوەنەکانیان هەموو دەستبڕبوون و کاتێك دەیانزانی حاجیانی دەرەوەی سعودیە برسیانە و نازانن مامەڵە بەپارەی سعودیە بکەن ئەوا شتەکانیان بە چەندقات پێدەفرۆشتن و حاجیەکوردەکانیش بەشێك بوون لە قوربانیەکانی ئەم دەستبرانە.

لەو رێگا دوور و درێژەدا کاك (ئەنوەر سەباح) کە لەتەلەفزیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی و لەگەڵ شاندەکەی ئێمە هاتبوو ئێمەش بە (مەلا ئەنوەر) بانگمان دەکرد، بەردەوام بەکامێراکەی وێنەی ئەو بیابان و شاخ و بەردە وشکەی دەگرت و کاتێکیش لێم پرسی ئەوە وێنەی چی دەگریت کاك (هەورامان محەمەد) کە ئەویش یەکێك بوو لە ستافی راگەیاندن نەیهێشت کاك ئەنوەر وەڵامم بداتەوە و گوتی کاك مەریوان تۆ باسی چی دەکەیت؟ بە پێکەنین و سوعبەتەوە گوتی: مەلا ئەنوەر لەرووی ئایدیۆلۆژیەوە ئەم وڵاتە بە وڵاتی خۆی دەزانێت.

بەڵام پێدەچێت ئەم سوعبەتەی کاك هەورامان دەقاودەق و بەراستی لەسەر کاك عەبدوڵلا عەبدولرەحمان ساغ بێتەوە کە من دڵنیام ئەگەر ئەویش لەگەڵ شاندەکەی راگەیاندن بوایە لەسعودیە کاك هەورامانی هاورێم بە (عەبەی ئەورەحمان) بانگی دەکرد.

کاکە عەبەی برام لە نوسینێکیدا لە کوردستان نێت وەڵامێکی درەنگ وەختی داوەتەوە و رەخنە لە راپۆرتێکی من دەگرێت کە نزیکەی دوو مانگ لەمەوپێش لە سعودیەوە بۆ (کوردستان نێت) م رەوانە کردبوو دوای بڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتەش چەندین کەناڵی راگەیاندنی کوردستان بڵاویان کردەوە و لە نوسینێکی شەش حەوت لاپەرەییدا وەڵامی چەندین برگە و ئامار و زانیاری ناو راپۆرتەکەی داوەتەوە و لەیەك کاتتدا بەراست و بە هەڵەشی دەزانێت و منیش بە عەلمانی و ناحەزی ئیسلام دەزانێت و هەوڵیداوە بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د. خ) رێگا لەو راستیانە بگرێت کە سعودیە هەیە و لە راپۆرتەکەی مندا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام من وەك (کاکە عەبە) خوێنەر ماندو ناکەم و تەنها ئەوەندەی پێدەڵێم کە هەرچی لەو راپۆرتەدا هەیە لە ئامار و زانیاری هەمووی لە خەڵکی ئەو وڵاتە وەرگیراوە و هیچ بۆچوونێکی منی تێدا نییە، خاڵ بەخاڵی راپۆرتەکەم بە وێنە و دەنگ و رەنگەوە لەلایە و لەجیاتی ئەو هەموو ماندوبوونەی کاکە عەبە دەیتوانی تەشریف بێنێتەلام بۆ وەزارەتی ئەوقاف (کە بڕواناکەم ئەو زۆر کەیفی پێبێت چونکە بە وەزارەتی عەلمانی دەزانێت) یان بۆ رۆژنامەی خەبات (کە دڵنیام کاکە عەبە بە رۆژنامەی کوفر و ئیلحادی دەزانێت) یان بۆ ماڵەوە کە دیسان بڕواناکەم کاکە عەبە تاقەتی بێت سەردانی گەرەکە بێ ئاوو و کارەبا و هەژارنشینەکەمان بکات، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم برۆیتە لای ئەو (کاوان ئەبو بەکر) ی کە بەرپرسی سایتی ژیانەوەیە و لەسلێمانی دادەنیشێت و خۆت لە وەڵامەکەتتدا بۆ من ناوت هێناوە و بەسەرچاوەیەکی دروستی دەزانیت، ئەمەش ژمارەی تەلەفونەکەیەتی (07301112933) ە و بۆ ئاگاداری جەنابیشت کاك (کاوان ئەبوبەکر) یەکێك بوو لە ستافەکەی راگەیاندنی حەجی ئەمساڵ و هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە راپۆرتەکەی مندا هاتوە لەلای هەیە و تەنانەت ئەو رۆژنامەیەشی لەسعودیەوە هێناوەتەوە کە باس لە فراوانبوونی بازرگانی مادە بەهێزکەرە جنسیەکان دەکات، خۆ ئەگەر ئەمیشت بە باش نەزانی ئەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
3-2-2007 11:38 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

كاك (ئەنوەر سەباح) كە حەتمەن دەبی تۆ بە برای دینی خۆتی بزانیت و لە تەلەفزیۆنی كۆمەڵ كەناڵی هەولێر كاردەكات و زۆر لەخۆتەوە دوور نییە، ئەمانە هەركەسێكیان بگریت هەموو ئەو ئامار و زانیاریانەی لەلایە كە لەو راپۆرتەی مندا هاتوە و تۆ بە دروستكراوی دەزانیت و زۆر بە نیگەرانی دەروانیتە زانیاریەكانی ناو راپۆرتەكە و دیارە ئەمەش كێشەی زۆربەی نووسەر و سیاسەتوانە (ئیسلامییە توندرۆكانە) كە چاویان بەرایی نایەت و ناوێرن دان بە هەڵەكانی بە كەموكورییەكانی جیهانی ئیسلامیدا بنێن.
لەكۆتایشدا دەڵێم كە من تەنها دوو هەفتە لە سعودیە نەبووم وەك لە نوسینەكەتتدا هاتوە، بەڵكو من شەش ساڵە هەر ساڵەی بۆ (25-30) رۆژ لەسعودیە بووم و سەرقافڵەی حاجیان و دەمراسی وەزارەتی ئەوقافیش نیم هەروەك تێكەڵت كردوە بەڵكو (رۆژنامەنووسم) و بەرێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی كوردستانم و بۆ نەكبەتی ئێوەش هەموو ساڵێك بە حوكمی وەزیفەكەم دەبی برۆمە سعودیە.

Mariwan_na@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.